www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 31-10-2005 16:45

## بۆ ئەوانەی چاویان بە جوانی خەڵکی دیکە هەڵنایەت ... هێمن عومەر

مەرج نیە نوسین تەنها بەو ئاراستەیە بێت کە رەخنە بگیرێت بەڵکو کەسانێك هەن یان دەزگایەك دەبێت شایەنی ستایش و پیاهەڵدان بێت ئەمەش بەمانای دەست خۆشی و بەردەوامی بۆ کارو پرۆژەی چاك.

یاخود کەسانێك هەن شایەنی پیا هەڵوتنن چونکە کەسایەتیان دەگمەنەو هەموو کەسێك ناتوانێت ئەو پاڵەوانە بێت. بەلام کەسانێك هەن کە تەنها لەسك ئێشەو ئیرەییدا قەڵەمەکانیان دەخەنەکارو و لەبەر ئەوەی خۆیان ناتوانن هیچ بن ناچار ئاهی بەرزی و گەورەیی دەیان گرێت لەجیاتی ئەوەی بە فکری کەسەکە بوێرن ناچار دەکەونە تۆمەت و ناشرین کردنی کەسیەتی کەسەکە یاخود لە سوکی خۆیاندا بۆ ئەوەی وەك و کابراکەی چوبووە سەر کانی ژنان هینێکی کردبوو بەس بۆ ئەوەی باس بکرێت ئەویش هینێك دەنوسێت وەهەندێك لە نوسەرە بی قەڵەمەکان لە هەست کردن بەکەمی خۆیان پەنا دەبەنە بەر وەلام دانەوەی خۆیان و بەناوێکی خوازراوەوە شت لەسەر خۆیان دەنوسن یان دەچێت بابەت بۆ وەلامی بەرێزان حەمەسەعید حەسەن و بەختیار عەلی و پاڵەوانەکانی نوسین دەنوسێت تاوەك و بڵێت ئەوە وەلامی ئەو کەڵە پیاوانەم داوەتەوە ئەوەش هەربۆئەوەی بەشان و شەوکەتی خۆیدا هەڵ بڵێت.

کاك حەمەسەعید جوانی ووت کە ووتی ئەوەی لەسەر من بنوسێت بۆ ئەوەیە خۆی گەورە بکات.

هەموو ئەو شتانە لە ئەخلاقی رۆژنامە نوسیەوە دورەو ئەوەی کە رەوشتی رۆژنامەوانی بزانێت هەرگیز بیر لە نوسینێك ناکاتەوە کە فکرێك نەخاتە روو یاخود هەڵوێستێك نەبێت بۆیە ئەو نامەیە ئاراستەی ئەوانە بێت کە دڵنیابن بەو حاڵەوە نابنە هیچ و دەبێت هەر داخ لە دڵی خەڵکی دیکە بن.